# له یادی  ڕۆژی دەست بەکاربوونی دەنگەکان دا

**ڕزگار عومەر**

rezgar70ca@yahoo.com

**ئەزموونی من لە گەڵ دەنگەکان لە شەش مانگی رابردوو دەست پێ دەکا ، لە سەرەتای ساڵی 2005 وە پاش ڕا گۆڕینەوە لە گەڵ کاك گۆران و شلێرخان وەکو تیمێك دەست بەکار بووین ، ئەوان چەند ساڵێك بەر لەمن خەریك بوونەو هیلاکیەك کە ئەوان لە سالانی ڕابردوو بینیویانە بووە بە خیبرەیەکی سادەو  دوور لە غرور ، ئەم خیبرەیەی ئەوان کارەکانی بۆ من ئاسان کرد ، بەلآم گرنگترین شت کە کارەکانی ئەم تیمەی بە سەرکەوتووی گەیاند بوونی گیانی هاوکاری و بەیەکەوە کار کردن ، قبوڵ کردنی یەکتر ، دایلوگ و ڕاگۆڕینەوە بوو .**

**لە سەرەتای ئەم ساڵەوە ، ئەم تیمە بە یارمەتی نووسەران  و خوێنەران ، بە یارمەتی کاك عەلی مەحموود ، کاك سمکۆ لە کوردستان چەندین مەلەف و تایبەت و ژمارەی تایبە تمان لە دەنگەکان پێشکەش کرد ، ژمارە تایبەتەکان کە بریتی یە**

1 **ڕۆژی خۆشویستی**

2 **ڕۆژی 8 مارس**

3 **یادی مارکس**

4 **کارەساتی ئەنفال**

5 **ڕوژی دایك**

6-**ڕۆژی یەکی ئایار**

**بێجگە لەوەش بەستنی کۆڕێك لە یادی 17 ساڵەی ئەنفالدا لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا ، بە یارمەتی نووسەران و هونەرمەندانی دانیشتووی هەردوو شاری تۆرنتۆ و هاملتۆن بە سەرکەوتوویی بە ئە نجام گەیشت ، هەروەها وەکو تیم توانیمان شەش چاوپێکەوتن لە گەڵ کەسایەتی ئەدیب و شاعیرو سیاسە تمەدار سازبکەین ،  کارکردن لەم بوارە هیلاکی زۆری هەیە ، بەلآم دە قاتی ئەم هیلاکیە جوانی خۆی ، خوشی خۆی هەیە ، لەم ڕۆژەدا من بە فورسەتی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو بەرێزانە بکەم کە هاوکاریان کردین بۆ ئە نجام دانی ئەو کارانە ، سوپاسی نووسەرە تەمەن پەپولەکانمان  ( بینا عەلی ، ئۆژەن عوسمان ، پروشەڕزگار ، ڕەها حەسەن ، دەریا عەلی ، سۆما عەلی ، ڕەها مدحەت  ) دەکەین و سوپاسی دایك وباوکی ئەو پەپولانە دەکەین کە مناڵەکانیان هاندا بۆ نووسین لە دەنگەکاندا.**

**دەنگەکان بێ کەم و کوڕی نیە ، ئەم کەم کوڕیانە دەکرێ بە کۆمەکی نووسەران و خوێنەران بگۆڕدرێ بۆ پێشڕەوی ، ئێمە پرۆژەی ترمان بەدەستەوە یە ، بۆ ئێستاو بۆ پرۆژەکانی ئایندەشمان بێ خوێنەران  و نوسەران هیچمان پێ ناکرێ ، ئێوە دەتوانن لە زۆر لاوە شەریکی دەنگەکان بن ، ئێوە دەتوانن بە ناردنی بابەت بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لە دەنگەکان ، ڕێنویمان بکەن و هەمومان بە یەکەوە لەم سەفەری نووسینە ، لەو دیوی باخچەکانی مەعریفە بە یەکتر بگەینەوە !**